# چیرۆکە دووفاقەکەی دکتۆر بالمی ئەزموونێکی نیوەناچڵ

د. فازڵ جاف
(سوێد)

(١ - ٢)

چۆن دەقی شانۆیی (چیرۆکە دووفاقەکەی دکتۆر بالمی)ی نووسەری ئیسپانی (ئەنتۆنیۆ بویرۆ باییخۆ)م هەڵبژارد؟ ڕاستتر وایە پرسیارەکەم بەم شێوەیە دابڕێژم: چۆن پەیم بە دەقی شانۆنامەی چیرۆکە دووفاقەکەی دکتۆر بالمی برد؟

بەر لەوەی بچمە ناو باسەکەوە، بە پێویستی دەزانم سەرنجێک دەبارەی ناوونیشانی شانۆنامەکە و ناوی نووسەرەکە دەرببڕم: ناوی بالمی، لە تێکستەکە ئیسپانییەکەدا، هەروەها بە هەموو زمانە ئەوروپاییەکان بە ڤالمی نووسراوە، واتە پیتی (ڤ) لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا کراوە بە (بێ)، بەهەمان شێوەی (ڤالیخۆ)یش کراوە بە بایخۆ، هەرچەندە من بە هیچ شێوەیەک گومانم لە توانایی و شارەزایی و لێهاتوویی دکتۆر سەلاح فەزڵ نییە، بەتایبەتی لە توانستی زانستییانە و وردبینی بەڕێزیان لە کاری ئەکادیمیدا، بەڵام وای بۆ دەچم کە لە نووسینی ناو و ناوونیشانەکاندا، شێوازی بیستن و فۆنەتیکی لەبەرچاو گرتبێت، واتە ناوەکانی بەو شێوەیە نووسیوە کە بە زار دەگوترێن.

ئەوەندەی من بزانم لە زمانی ئیسپانی لە هەندێ شوێندا پیتی (ڤێ) دەکرێ بە (بێ). ئەوروپاییەکان بەگشتی لە ڕێنووسی ناو و ناوونیشاندا فۆنەتیک ناکەن بە یاسا، چونکە ئەو شێوازە زۆر جار کێشە دروست دەکات، هەرچۆنێک بێت، بە مەبەستی ئاسانکاری و بۆ ئەوەی کێشەیەکی لابەلا بۆ خوێنەر دروست نەکەم، ناوونیشانی شانۆنامەکە، هەروەها ناوی نووسەرەکەیش وەک ئەوەی لەلای عەرەب و لەلای خۆمان باوە، بەکار دەبەم، بەڵام لێرە بە دواوە، بە مەبەستی کورتکردنەوە و



ئەنتۆنیۆ بۆیرۆ باییخۆ

ئاسانکاری، ناوونیشانە درێژەکەی شانۆنامەکە تەنیا بە شانۆنامەی دکتۆر پالمی ناو دەبەم.

## پاش ماڵی بووکەڵە

پاش ڕاگرتنی پرۆڤەکانی شانۆنامەی (ماڵی بووکەڵە)ی هێنریک ئیبسین، خولیای دەستنیشانکردنی شانۆنامەیەکی دیکە، بۆ پرۆژەی ئاییندەم، ئەندێشەی داگیرکردبووم، من لەو ڕێژیسۆرانەم کە هەر لە سەرەتای ڕەوتی هونەریمەوە، واتە هەر لە قۆناغی ناوەندییەوە، بەردەوام تێکستی شانۆییم دەخوێندەوە، هاوەڵەکانم لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان ئاگاداربوون کە چەند شەیدای خوێندنەوەی تێکستی شانۆیی بووم، ئەم ئارەزووە بەتینەم تا دەهات پەرەی دەسەند، تەنانەت پاش ئەوەی لە زانکۆی سلێمانیش دەستبەکاربووم، زۆربەی کاتەکانم بۆ خوێندنەوەی تێکستی شانۆیی بەسەر دەبرد، هەمیشە پێم وابوو، یەکێک لە مەرجەکانی ڕێژیسۆری پیشەمەند و سەرکەوتوو ئەوەیە کە دەبێت تەواو شارەزای ئەدەبی شانۆیی بێت، هەمیشە بەرنامەم بۆ خوێندنەوەی شانۆنامەکان دادەنا، بەدەگمەن بێ پلان و بێ بەرنامە شانۆنامەم دەخوێندەوە، بگرە زۆربەی جارەکان بە پرۆگرام و بە پلان، بەرهەمەکانی نووسەرەکەیم، ئەوەی دەستم کەوتبا، یەک لە دوای یەک دەخوێندنەوە، ئینجا نووسینەوە و ڕەخنە و توێژینەوەیش، ئەگەر هەبا، دەربارەی نووسەرەکە و بەرهەمەکانیم دەخوێندنەوە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم کە زۆر چێژم لە خوێندنەوەی تێکستی شانۆیی وەردەگرت، خەڵکی خوێنەر چەندە حەزیان بە خوێندنەوەی ڕۆمان دەکرد، من ئەوەندە و ڕەنگە بڵێم پتریش، حەزم بە خوێندنەوەی شانۆنامە دەکرد، هەر بۆیە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کۆک نیم کە پێیان وایە تێکستی شانۆیی هەردەبێت بۆ نمایش بێت، یان دەڵێن پێویست ناکات وەک کتێب چاپ بکرێت، یان لە ڕەفەی کتێبخانەکاندا هەبێت. من دەتوانم ناوی دەیان شانۆنامە ڕیز بکەم، کە چەند جارێک بەوپەڕی چێژەوە، وەک داهێنانێکی ئەدەبی، وەک شاکارێکی هونەریی ناوازە، دووبارە و سێ بارە خوێندوومنەتەوە، هەر بۆ نموونە، ئێستایش شانۆنامەکانی مۆلێیر دووبارە دەخوێنمەوە، بەدەم خوێندنەوەیشەوە قاقا پێدەکەنم و دڵم پێیان دەکرێتەوە، جارێ شاکارەکانی شەکسپیر و چێخۆڤ و ستریندبێرگ و ئیبسین و ئۆسترۆڤسکی، ئەوە هەر مەپرسن. هەر بەم بۆنەیەوە با ئەوەش باس بکەم کە جارێک پرسیارێکم ئاراستە کرا: ئەگەر بۆ ماوەیەک، بۆ نموونە بۆ چەند مانگێک، ژیان بە تەنیا لە دوورگەیەکدا بەسەر بەریت، بەرهەمی ئەدەبی کام نووسەر لەگەڵ خۆتدا دەبەیت، من بێ سێ و دوو، شەکسپیر و چێخۆڤم هەڵبژارد، بە هیوای ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم سەرلەبەری بەرهەمی ئەوان و چەند شانۆنووسێکی دیکە سەر لە نوێ بخوێنمەوە.

پاش پرۆڤەکانی ماڵی بووکەڵە خەریکی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی شانۆنووسانی هاوچەرخی شانۆی ئیسپانی (لۆرکا، ئێلخاندرۆ کاسۆنا، فیرناندۆ ئارابال، ئەلفۆنسۆ ساستریێ) و ئێرلەندی وەک (جۆن میلتون سینگ و شۆن ئۆکەیزی و لیدی گریگۆری و ئۆسکار وایلد) بووم. دیارە لەلایەکەوە دەمویست وەک شانۆکارێک شارەزاییەکی باشم دەربارەی ئەدەبی شانۆیی جیهان هەبێت، لەلایەکی دیکەشەوە بە دوای تێکستێکی جیاوازدا دەگەڕام، پێم وابوو ئەو بابەتە تازەیەم ڕەنگە لە ئەدەبی ئیسپانی و ئێرلەندیدا دەست بکەوێت. لە ئەدەبی شانۆیی ئەو دوو نەتەوەیەدا، گەلێک پرسیاری گرینگ سەبارەت بە ئازادی و پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەخرێنە ڕوو، کە لەوانەیە بۆ شانۆی ئێمە گەرماوگەرم بێت، ئەمە جگە لە مۆرکی

شاعیرانە و شێوازی ڕەمزیی ئەدەبە شانۆییەکە خۆی، بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەبوو، وەک پێشتریش گوتم کە دەمویست تا زووە دەست بەکارببمەوە، کاری دەرهێنان بۆ شانۆنامەیەکی گونجاو بکەم.

**باشە شانۆنامەیەکی گونجاو لەو ڕۆژگارەدا چی بۆ من دەگەیاند؟**

بەر لە هەموو شتێک لەو ڕۆژگارەدا دەمویست کار لە تێکستێکدا بکەم کە گوزارە لە ئێستا و ئێرە بکات. بەر لە هەموو شتێک دەبێت ئەوە بڵێم کە کۆتایی حەفتاکان قۆناغێکی زۆر ناسک و سەخت بوو، ڕاستە ژیانی خەڵک بەتایبەتی خەڵکی ناو شارەکان، بە ڕواڵەت و ڕووکەش هێمن و ئاسایی خۆی دەنواند، وەک ئەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد تەواو خامۆش و کپ کرابێت، بەڵام لە ناوەوە، لە ناخەوە بارودۆخەکە تا بڵێی بەجۆش و ئاڵۆزبوو، وەک دواتریش ساخ بووەوە، ئەو قۆناغە خاڵی وەرچان بوو، هێمنییە مەنگەکەی و ئارامییە ڕووکەشەکەی پێش زریان بوو، زریانی هەشتاکان بە هەموو جەنگ و شەڕ و کوردقڕان و ئاوارەبوون و تراژیدیا و کارەساتە گەورەکانییەوە.

لە بارودۆخێکی وەهادا بۆ تێکستێک دەگەڕام گوزارە لە دیدی بوونگەرایانەی تاک بکات، گوزارە لە خەم و ئازار و ناسۆرەکانی بکات، ئینجا ئەو پرسیارانە، ئەو بەرپرسیارێتییە لە میانەی پێوەندی تاک بە کۆمەڵ و قۆناغەکەی بەمێژووەوە بخاتە ڕوو، کە بۆ ئەو ڕۆژە ناسک و گرینگ بوون. بە کورتی پێویستم بە شانۆنامەیەک بوو لەو سەردەمەدا ئاوێنەی هۆش و ئاگایی تاکی هۆشمەند بێت.

دیارە دۆزینەوەی دەقێکی لەو جۆرە بۆ ئاست و ئەزموونی ئەو سەردەمەی من زۆر ئاسان نەبوو، ئەو دەمە تاکە زمان، کە وەک پەنجەرەی شارستانی بوو بۆ من، زمانی عەرەبی بوو، هەر بە عەرەبیش، درۆ نییە ئەگەر بڵێم، هەر لەو سەردەمەدا نزیکەی سەت شانۆنامەم تاووتو کرد، بەڵام وەک گوتم ئەم جارەیان بە پلەی یەکەم پەنام بۆ کولتووری شانۆیی میللەتانێک برد، کە کەمتر ئاشنایان بووم، بەتایبەتی شانۆی ئیسپانی و شانۆی ئێرلەندی تا ڕادەیەکیش شانۆی هاوچەرخی گریگی.

یەکێک لەو نووسەرانەی کە سەرنجی ڕاکێشام لۆرکا بوو، جیهانی لۆرکا و زمانەکەی و شاعیریەت و کەشوهەوای پڕ لە وزەی شانۆنامەکانی، تا بڵێی سەرنجیان ڕاکێشابووم، دەمزانی کە دەکرێ لە ڕێگەی شانۆنامەی (ماریاپینیدا)وە گەلێک پرسی چارەنووسساز بەرجەستە بکرێت، زۆر مانای قووڵ و بەهای ئینسانی گرینگ ئاوێتەی یەکدی بکرێن، دەشمزانی دەکرێت شاعیریەت و مۆسیقا و گۆرانی تێکەڵ بە درامای بەهێز و کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بکرێت، بەڵام ئەمانە هەمووی بۆ من هێشتا هەموو شتێک نەبوون، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو ئەکتەریسەی دەبوایە ڕۆڵی ماریا بەرجەستە بکات، کێشەیەکی هاتە پێشێ، ئەو کێشەیە ناچاری کرد چیدی نەتوانێت کاری هونەریی بکات.

لەم سەروبەندەدابوو کە شانۆنامەی (دکتۆر بالمی)م خوێندەوە، هەر لە سەرەتاوە، لە دیمەنی یەکەمەوە، هەستم کرد ئەمە ئەو شانۆنامەیەیە کە بەدوویدا دەگەڕێم، کە لە خوێندنەوەی شانۆنامەکە بوومەوە، گوتم تەواو، ئەمە ئەوە تێکستەیە کە من بە دوویدا وێڵم. تێکستەکە چ وەک بابەت و ناوەڕۆک، چ وەک لایەنی هونەری و تەکنیکی داڕشتن سەت لە سەت ئامانج دەپێکێت.

شانۆنامەکە کە لە ساڵی ١٩٦٤ نووسراوە، هەر یەکسەر لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆر فرانکۆوە قەدەغە کرابوو، پاش مردنی فرانکۆ بە دوانزە ساڵ، ئینجا ڕێگە درا نمایش بکرێت. فاکتۆری ئەوەی کە شانۆنامەکە لە سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆریەتی فرانکۆدا قەدەغە کرابوو، بەلای منەوە زۆر گرینگ بوو، ئەم ڕاستییە پتر هانی دەدام کار لە سەر شانۆنامەکە بکەم. مێژووی شانۆ چەندان نموونەی لەم جۆرەی تێدایە، بەر لە شانۆنامەی بالمی دەیان شانۆنامەی بەهێز لەلایەن ڕژێم و دەسەڵاتە جیاجیاکانەوە قەدەغە کراون، من هەمیشە سۆزێکم بۆ ئەو جۆرە شانۆییانە هەبووە، ڕەنگە بەناوبانگترین شانۆنامەی قەدەغەکراو، تەرتووفی مۆلێیر بێت، کە لەلایەن لویسی چواردەوە بە فیتی کڵێسا، بۆ ماوەی پێنج ساڵ قەدەغە کرا. لەم بیست ساڵەی دواییدا چەند جارێک لە لەندەن و مالمۆ و ڕەبات و توونس لە بواری شانۆی پێداگۆگی (پەروەردەیی) کارم لە سەر تەرتووف کردووە.

مییرهولد چەندان جار کاری لە سەر تێکستی شانۆیی شانۆنووسانی سۆڤیەتی هاوچەرخ کردووە، لەوانە شانۆنامە بەناوبانگەکەی تریتیتاکوف (منداڵێکم دەوێت)

و (خۆکوشتن) نیکۆلای ئەردمان، بەڵام تەمەنی قەدەغەکردنی شانۆنامەی بالمی زۆری خایاند، تەنانەت لە تەرتووفیشی تێپەڕاند.

هیچ شانۆنامەیەک بە ئەندازەی شانۆنامەیەکی قەدەغەکراو، یان سانسۆرکراو هەستم ناورووژێنێت و هانم نادات بۆ کارکردن تیایدا. ڕەنگە ئەم هەستە ئەو هۆکارە دەربخات کە بۆچی ئەوەندە ئالوودەی تێکستی شانۆیی بالمی بووم.

شانۆنامەکە بە هەمان شێوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی ئێمە، لە سێبەری ڕژێمێکی هاوشێوەی ڕژێمی فرانکۆی ئیسپانیا هەنووکەیی و گەرماوگەرم بوو، گاڵتە نەبوو بتوانیت شانۆنامەیەک نمایش بکەیت کە باسی لە ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی دەکرد، شانۆنامەیەک کە لە وڵاتی نووسەرەکە خۆیدا ڕێگەی نمایشکردنی لێ قەدەغەکرابێت، باشە چۆن لە حەفتاکانی وڵاتی ئێمەدا ڕێگەی پێ دەدرێت؟ ئەم پرسیارە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی زۆری بۆ دروست کردبووم. هەرگیز باوەڕم نەدەکرد مۆڵەتی نمایشکردن بە تێکستەکە بدرێت، هاوکات نەشمدەویست بێ ئۆمێدبم، نەمدەویست بە ئاسانی دەست لە شانۆنامەیەکی هاوچەرخی ناوازە هەڵگرم، کە سەردەمێک بوو بە دوایدا وێڵ بووم.

ئەنتۆنیۆ بوێرۆ بایخۆ لە ئیسپانیا بە باشترین نووسەری سەردەمی خۆی دادەنرێت، نەک هەر ئەوەندە، ئەو بەو دراماتورگە دادەنرێت کە خەڵکی بەرەو شانۆییەکی ڕاستەقینەی ئەوتۆ ڕاکێشا، کە لەو سەردەمە دژوارەدا بە هێما و سیمبۆل پرسیاری جیددی و قووڵی دەخستە ڕوو، شانۆیەک کە ئاوێنەی سەردەمە پڕ لە ئازارەکەی فرانکۆی دیکتاتۆر و ئاوێنەی شەڕی براکوژی و ناوخۆی گەلی ئیسپانیا بوو.

بایەخ هەر لە یەکەم شانۆنامەی یەک پەردەییەوە (پەیژەکان)، سەلماندی کە شانۆنووسێکی تایبەت و کەم وێنەیە. ئەم شانۆنامەیە ساڵانێکی زۆر لە ڕێپێرتواردا مایەوە، پاشتر هەموو شانۆنامەکانی فرەپەردەن. بایخۆ لە سەردەمی فرانکۆدا بۆ شەش ساڵی ڕەبەق لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا، تاڵی و ناسۆری زیندانی چەشت، دەرئەنجامە تاڵ و سامناکەکانی شەڕی ناوخۆی بە چاوی خۆی بینی، لە ناو سپا و لەناو زیندان و لە کاری خزمەتگوزاری ناو نەخۆشخانەکانی جەنگدا کاری ئامادەمییانە و خزمەتگوزارانە و هاریکارانەی دەکرد، پاشان خۆی بە شێوەیەکی خەست و چڕوپڕ، کەم و پوخت، بۆ نووسین تەرخان کرد، تەواو دوور لە شێوازی زۆر و بۆر، ژمارەیەک شانۆنامەی درێژ و شانۆنامەیەکی یەک پەردەیی نووسی. بایەخ و پێگەی هونەری بوێرۆ بایخۆ لەوەدا بەدی دەکرێت کە زۆربەی بەرهەمەکانی وەرگێڕاونەتە سەر زمانە ئەوروپاییەکان، زۆربەشیان لە زۆربەی شانۆکاندا نمایش دەکرێن، لە وڵاتی خۆیشیدا پاش کۆتایی هاتنی جەنگی ناوخۆ و نەمانی فرانکۆ، حکوومەتی ئیسپانی شانۆیەکی جوان و گەورە، لە ڕووبەری دوازدە هەزار مەتری چوار گۆشەوە، هەر بەناوی شانۆی ئەنتۆنیۆ بوێرۆ باییخۆ دروستکردووە.

پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکی دکتۆر بالمی ئەفسەرێکی پۆلیسە بە ناوی دانیال بارنیز، ئەرکی سەرەکی ئەم ئەفسەر گەنجە ئەوەیە ئەشکەنجەی زیندانیان بدات، بەڵام لە کوێ؟ لە کام وڵات؟ لە ئیسپانیا؟ نەخێر! لە وڵاتێکی خەیاڵی بە ناوی سورلیایە. ئەم ناوە ڕەنگە هێما بێت بۆ وشەی سوریال، هاوکات لە وشەی ئیسپانیاشەوە نزیکە. هەر چۆنێک بێت وەک لە زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانیدا بوێرۆ بایخۆ خۆی بە شوێن و کاتێکی کۆنکریت و دیاریکراوەوە نابەستێتەوە، شوێن و کات لەلای بایخۆ کراوە و ئاوەڵایە و سەر بە جۆگرافیایەکی دیاریکراو و دەستنیشانکراو نین، ڕاستە بایخۆ خۆی بە ئیسپانیاوە نابەستێتەوە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە هەموو بابەت و کێشەکان لە ئیسپانیاوە ڕێچکە دەبەستن، دیارە نووسەر مۆرکێکی ئینسانیی جیهانییان پێدەبەخشێت، بە ئەندازەیەک کە بۆ هەموو کۆمەڵگە و بۆ هەموو سەردەمێک دەست بدەن.

پاڵەوانی سەرەکی دانیال بە فرمانی بەڕێوەری پۆلیسی نهێنی بە شێوەیەکی ئەوەندە دڕندانە ئەشکەنجەی زیندانییەک دەدات، کە تەواو دەیخەسێنێت و لە پیاوەتی دەخات. ئەم کارە دڕندانەیە بە قووڵی کار دەکاتە سەر دانیال، تا وای لێ دێت خۆی تووشی هەمان کێشە دەبێت، کێشەکەیش ئەوەیە کە چیدی ناتوانێت لەگەڵ هاوسەرەکەی (ماری)ی جووت بێت. ماری درک بە کێشەی مێردەکەی دەکات، پاشان کە بەگرفتی مێردەکەی دەزانێت، داوای لێ دەکات دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە.

دیارە کێشەی ئەشکەنجەدانی زیندانیان لە گەلێک شانۆنامەدا بەرجەستە کراوە، بەتایبەتی لە شانۆی سیاسیدا، بە ئەندازەیەک کە زۆربەیان کلێشەئاسان، کەم و زۆر لەیەکدی دەچن، بەڵام شانۆنامەی چیرۆکی دکتۆر بالمی شانۆنامەیەکی جیایە و لە هیچ شانۆنامەیەکی دیکە ناچێت، ئەوەی وای لەم شانۆنامەیە کردووە کە تایبەت بێت، ڕەنگە بتوانم لە دوو خاڵدا چڕی بکەمەوە: یەکەمیان ئەوەیە ئەم شانۆنامەیە ئەوەندەی جەخت لە لایەنە دەروونییە ئیسنانییەکە دەکات، ئەوەندە جەخت لە لایەنە سیاسییە پروپاگەندەئامێزەکە ناکات، شانۆنامەی بالمی شانۆنامەی لەگەڵ و دژ نییە، کە ئەمە بەگشتی مەبەست و ئامانجی سەرەکی شانۆی سیاسییە، بابەتی بنچینەیی شانۆنامەکە دەربارەی ئەشکەنجەدانی مرۆڤە، ئەشکەنجە چی لە مرۆڤێک دەکات و چۆن دەیشێوێنێت، چۆن ناخ و پێگەی ئادەمییانە و دەروونی دادەڕمێنێت، ئیدی ئەو کەسە لە خانەی مرۆڤی ئاسایی دەردەچێت، بەهەمان شێوە ئەشکەنجەدەر خۆیشی تووشی هەمان کارەسات دەبێت، تەنانەت ئەویش مرۆڤبوونی خۆی و کەسایەتی خۆی، بگرە پیاوەتی خۆیشی لە دەست دەدات. دووەمیان ئەوەیە لەم شانۆنامەیەدا بە پێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو شانۆنامانەی کە باسی ئەشکەنجەی زیندان دەکەن، پاڵەوانی سەرەکی ئەو کەسەیە کە زیندانیانی سیاسی ئەشکەنجە دەدات و ئەشکەنجەدراو پاڵەوانی سەرەکی نییە.

بە کورتی لەلای بۆیرۆ بایخۆ تەنانەت ئەو کەسەی کە ئەشکەنجە دەدات ئەویش هەر وەک ئەشکەنجەدراوەکە قوربانییە، چونکە لە ژێر گوشارێکی دەروونیدایە، بۆیە تا هەتایە دەروونی ئاسوودیی و ئارامی و هێمنی بە خۆیەوە نابینێت، ڕوح و زەینی ئۆقرە ناگرن، ئەو کەسەی دڕندانە ئەشکەنجەی کەسێکی دیکە بدات، ئەویش باجەکە دەدات، بۆ تا هەتایە ناخی دادەتەپێت و شیرازەی ژیانی تێکدەچێت، تەنانەت خێزان و ماڵ و منداڵەکانیشی دەبن بە قوربانیی ئەو کارە دڕندەیە.

ئەوەی لە بنەڕەتدا بایخۆ لە نووسەرانی شانۆی سیاسی جودا دەکاتەوە، دیدە ئینسانییە قووڵەکەیەتی، کە داکۆکییەکی تەواوە لە تاک و لەنیازپاکی تاک، واتە بایخۆ لە سەرتاسەری پرۆسەکە پێمان دەڵێت، مرۆڤ لە بنەچەکدا، لە سەرەتای سەرەتاوە کەسێکی شەڕانگێز و شەڕخواز و بکوژ و ئەشکەنجەدەر نییە، بەڵام دەستگا شەڕانگێز و دژەئادەمییەکان، بە شێوەیەکی ئەوەندە دڕندانە ڕایان دەهێنن و ئامادەیان دەکەن، کە لە دواجار ئەو کەسە دڕندە و بێ بەزەییەی لێ دەردەچێت، وەک ئەوەی خۆیان دەیانەوێت. باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاڤەکردنە، ئەو دیمەنەیە کە باسی ئەو کەسانە دەکات، کە ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی دەدەن، باشە ئەم جۆرە کەسانە چۆن دەتوانن ئەو کارە دڕندانەیە بکەن؟

دیارە ئەم کەسانە یەکسەر و بەبێ هیچ ئامادەکارییەکی دەروونی، کاری ئەشکەنجەدانانیان پێ ناسپێردێت، ئەو کەسانە لە سەرەتادا دەکرێن بە بەرپرسی ئەو زیندانییانەی کە خراپترین جۆری تاوانیان کردووە، واتە بەرپرسی ئەو تاوانبارانەی کە نموونەی توندوتیژی و دڵڕەقین، ئەو کەسانەی سەرپەرشتی ئەو تاوانبارە ناقۆڵایانە دەکەن، ڕەنگە پێشتر بەهیچ شێوەیەک ئەشکەنجەی کەسیان نەدابێت، ئیدی ڕۆژ دوای ڕۆژ لە میانەی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ تاوانباراندا، ئەوانیش تا دێت دڵڕەق و دڕندە دەبن، پاش ئەوەی ئەوانیش وەک تاوانبارەکان دەگەنە ئاستێک بە باشی دەرندایەتی دەگوازنەوە بۆ ئەشکەنجەدانی زیندانیانی سیاسی، ئیتر لەوێ بەوپەڕی دڵڕەقییەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەن و بە هەموو شێوازێک ئەشکەنجەیان دەدەن.

بایخۆ ئاماژە بۆ هەموو جۆر و کەرەستەکانی ئەشکەنجەدان دەکات، ئەوانەی کە فەنتازیا و خەیاڵی مرۆڤ بۆ ئازاردانی مرۆڤ دای هێناون، ئەمەش شانۆنامەکە لە مەبەستە سایکۆلۆژییەکەی نزیکتر دەکاتەوە، کە بەڕای من بڕبڕەی پشتی بینا دراماتورگییەکەی شانۆنامەکەیە، خۆ ئەگەر شانۆنامەکە وەک نموونەیەکی شانۆی سیاسی لەقەڵەم بدەین، ئەوە بەتەواوەتی لە مەبەستی نووسەر دوور دەکەوینەوە، کە مەبەستە ئینسانییەکە ئامانجی سەرەکی ئەوە، هەر بۆیە چیرۆکەکە لە شێوەی یادداشت، لە سەر زاری دکتۆرێکی دەروونناسەوە دەگێڕێتەوە، کە ڕۆژانە یادداشتەکانی خۆی دەنووسێتەوە، دەروونناسێک کە دەیەوێت بەڕاستی و بەدڵ و بە گیان چارەسەری نەخۆشەکانی بکات، وەک ئەرکێکی ئینسانی دەردە دەروونییەکان تیمار بکات، هەر لە سەرەتاشەوە، لە دیمەنی یەکەمەوە تێدەگەین کە نەخۆشێکی دیکەیشی لەلا بووە، بەڵام ئەم نەخۆشەی

ئێستای(دانیال) نموونەیەکی تا بڵێی ناوازەیە، پاشان بۆمان دەردەکەوێت کە دۆخی دانیال زۆر ئازاری دکتۆر دەدات، چونکە دۆخێکە لە بێ ئومێدی و بێ چارەسەری، کەسێک کە بە ئەشکەنجە کەسێکی دیکەی خەساندووە، کاردانەوەی ئەو کارە ئەوەندە ترسناک و زیانبەخشە لە سەر دانیال، بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ ئێستا خۆیشی تووشی هەمان کێشە بووەتەوە، کێشەکەش لە کاردانەوەی دکتۆر خۆیەتی، دکتۆر بالمی پاش ئەوەی گوێی لە چیرۆکی بەسەرهاتی دانیال گرت، ئیدی ناتوانێت بە گوێرەی پێویست یارمەتی بدات، چونکە بە کەسێکی قێزەونی دەزانێت و بێزی لێ دێتەوە، ئەمەیش بۆ ئەو وەک دکتۆر هەڵوێستێکی نامرۆییە.

سەرەڕای ئەوەش، سەرەڕای ئەوەی کە مەبەستی سەرەکی نووسەر و هزری یەکەمی شانۆنامەکە وەک نووسەر جەختی لە سەر دەکات سایکۆلۆژی و ئینسانییە، ناتوانین ڕەهەندە سیاسییەکەی بەتەواوەتی لێ دابماڵین و وای پیشان بدەین شانۆنامەکە بە هیچ شێوەیەک پێوەندی بە سیاسەتەوە نییە، نەخێر، لایەنی سیاسی لەم شانۆنامەیەدا گرینگە، بەڵام نابێت بکرێت بە ئامانجی یەکەمی نمایشەکە، واتە نابێت شانۆنامەکە وەک نموونەیەکی شانۆی سیاسی پیشان بدرێت، دەنا بینەران بە لاڕێدا دەبەین.

بێ گومان نموونەی دیکەی ئەم جۆرە شانۆییانە کە تا ڕادەیەک دووفاقن هەن، لەوانە (دژمنی گەل) ی ئیبسین، کە بابەتە سەرەکییەکەی گەندەڵییە، دکتۆر تۆکسمان لە دژمنی گەلدا دەیەوێت وەک ئەرکێکی ئینسانی سنوورێک بۆ گەندەڵی دابنێت، بەڵام کە ستانیسلاڤسکی نمایشی کرد، لەلای بینەران وەک شانۆنامەیەکی سیاسی کەوتەوە، دەگوترێت کە نمایشەکە بوو بە هۆی ئەوەی بینەران خۆپیشاندان دژ بە ڕژێم ساز بکەن، کە ئەمە بە هیچ جۆرێک مەبەستی نمایشەکە نەبوو، شانۆنامەی (تیتۆس ئەندرینیکۆس)ی شەکسپیر نموونەیەکی دیکەیە، نموونەی دیکەیش هەن.

تێکستی شانۆیی بالمی هەر لە خوێندنەوەی یەکەمەوە تا ڕادەیەک خۆی سادە و ساکار و ئاسان دەنوێنێت، بەڵام کارکردن لە سەر ئەم جۆرە تێکستە شانۆییانە زۆر ئاسان نییە، ڕێژیسۆر دەبێت ورد و وریا بێت، دەنا سەرەداوەکەی لێ ون دەبێت، ئامانجی تێکستەکە بەلایەکی دیکەدا دەشکێتەوە.

لە سەرەتای ساڵانی دوو هەزاردا، کە شانۆنامەی (مەرگ و کچ)م بۆ تیپی شانۆی ئارارات دەرهێنا، ئەزموونی نیوەناچڵی خۆمم لەگەڵ شانۆنامەی دکتۆر بالمی هاتەوە یاد. مەبەستە سایکۆلۆژییە ئینسانییەکە لەلای (ئاریێل دۆرفمان)ی نووسەر شانۆنامەی (مەرگ و کچ) بەهەمان شێوەی بایخۆ پێش مەبەستی سیاسی دێت، بەڵام دەرهێنەران لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تەرزە شانۆنامانەدا بە ئاسانی فریو دەخۆن، هەر زووش دەکەونە داوی لایەنە سیاسییەکەوە، دیارە بۆ ڕاکێشانی سۆز و هەوای جەماوەریش ئەم ئەرکەیان پێ ئاسانترە، ئامادەکردنەکەی شانۆنووسی عەرەبی سوریا سەعدوڵڵا ونووس باشترین بەڵگەیە، دیارە لە هەشتاکانەوە، شانۆنامەی دکتۆر بالمی لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا برەوی پەیدا کرد، بەڵام بە داخەوە ئەو برەو پەیداکرنە بە پلەی یەکەم، لەبەر لایەنە سیاسییەکەی بوو، کە ئەوەندەی من ئاگادارم لە زۆربەی نمایشەکاندا ئەوەندە زەق کرابوونەوە، ئیدی پەیامی نووسەر تێیدا بێ سەر و شوێن بووبوو. سەعدوڵڵا ونووس ناوی شانۆنامە لە دارشتنەوەکەی خۆیدا گۆری بۆ(زەوتکردن)، هەر لە ناوونیشانەکەوە تێدەگەین کە ناوەرۆکی شانۆنامەکە ڕەوتێکی جیاوازی وەرگرتووە.

کەم تیپ و کەم ڕێژیسۆر هەیە، باوەڕ بەوە بێنێت کە لایەنی سیاسیی شانۆنامەکە، دەبێت لە سەر حیسابی لایەنە سایکۆلۆژییە ئینسانییەکە ئەوەندە زەق نەکرێتەوە.

خۆ ئەگەر هەموو کەسێکیش باوەڕ بەوە بێنێت، کە مەبەستی نووسەر سایکۆلۆژییە و بەشێوەیەکی گشتی دژ بە دیاردەی دزێوی ئەشکەنجەدانە، ئەوە ناتوانین باوەڕ بە دەستگاکانی سانسۆر بهێنین، کە ئەگەرچی ئەم شانۆنامەیە باسی ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی دەکات، بەڵام کاری بە ڕژێم و شێوازی حوکم و دەستگاکانی زانیاری و ئاسایش و پۆلیسەوە نییە. جارێ هەر نمایشکردنی شانۆنامەکە خۆی لە خۆیدا بوونی ئەشکەنجە و ئامێر و کەرەستە و میتودەکانی لە زیندانەکاندا دەسەلمێنێت، ڕێگەدان بە نمایشێکی لەم جۆرە لەو ڕۆژەدا، بە ئەندازەی ڕۆژگارەکەی سەردەمی فرانکۆی دیکتاتۆری ئیسپانیا مەحاڵ بوو.